www.kurdistannet.org
02/03/2003 22:14

# کۆنگرەی لوتکەی عەرەبی و شکستێکی ترا!

## کەمال ڕەوف

وەك چاوەڕواندەکرا، ئاکامی ئەم کۆنگرەیەی شەرم ئەلشیخیش هەر وەك کۆنگرەکانی تری لوتکەی عەرەبی شکستێکی تردەبێت و هیچی ترا. وولآتەعەرەبیەکان هەمیشە بۆئەوەی بتوانن خۆیان لە ئەرکە جدیەکان و نارەزایەتیە ناوخۆکانیان بدزنەوە پێویستیان بەوەدەبێت کۆنگرەیەکی لەو جۆرە بەناوی نەتەوەی عەرەبەوە سازبدەن و تیایدا بەشێوەیەکی حیکایە تخوانانە باسی کێشەو گرفت و ڕووداوەکانی خۆیان بکەن و لەئاکامیشدا لەسەر ئەوەڕێکبکەون کە جێبەجێی ناکەن!

چونکەهەمیشە ئەوان لە پەنجەرەی بیری ناسیۆنالیستیەوە دەچنە نێو هۆڵی کۆنگرەو لە دەرگای بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتەکانیان دێنە دەرەوە، ئەوان خۆیان باش دەزانن لەهەلو مەرجی ئێستادا ئەم دەسەلآتانە هیچ شتیك کۆیان ناکاتەوە، جگە لە خەیاڵ و وەسوەسەیەکی ناسیونالیستی عەرەبی نەبێت، هەربۆ یە لەژێر ئەو پەردەو ناوەدا کۆدەبنەوەو خوازیارن کەبتوانن لەو مەسەلەیە ساڵی چەند بەهارە دروست بکەن و لەسەری بژین، بیری ناسیونالیستی عەرەبی کە تێکەڵەیەکی شێواوی بیری ئاینی و خێڵە و لەئێستاشدا بەرژەوەندی و دەسەلآت پەرستیە، لەهەوڵی ئەوەدایە کەبەکەرەستەی کۆن و بیر وتێگەیشتنەکانی دوای جەنگی جیهانی دووەم، چارەسەری کێشەو گرفتە کانی ئەمڕۆ بکات بێ بیرکردنەوەو خوێندنەوەی گۆرانکاریەکان و گۆڕانی هاوکێشە سیاسی و سەر بازیەکان دەیەوێت بەهەمان چاویلکەی ئەو سەردەمەوە سەیری ڕوداو کێشەکان بکات و چارەسەریشیان بۆدەست نیشان بکات !ئەم ناحاڵی بوونە لەوێدا زیاتر زەق دەبێتەوە کەلەگەڵ پاشەکشەبەردەوامەکانیاندا دەستیان بەدروشمە کۆن ورزیوەکانیان گرتووەو دەست بەرداریان نابن، هەر ئەم تێگەیشتنەشە چارەسەری کێشەی فەلەستینیەکانی دواخستوە و نایهێلێت بەئاکام بگات، ئەم رژێم و دەسەلآتانە کەخوازیاری ئەوەن زەمەن بگێرنەوە بۆدواوە، بەشێکی لەو روانگەیەوەیە کە خۆیان هەست بە ئیکسپایەربوونی شێوازی دەسەلاتدارێتیەکانیان دەکەن و دەشزانن ناتوانن لەگەڵ هەلومەرجی نوێدا هەڵبکەن، بۆیە لەبری بیرکردنەوە ی گۆڕان و جێگە چۆڵکردندا بیرلەوە دەکەنەوە کەهەلومەرج بگۆرن بۆ ئاستی بیرکردنەوەو تێگەیشتنی خۆیان و هەوڵی ئەوەدەدەن هەموو سەروەریەکانی مێژوو بەتەنها بۆخویان بگێرنەوەوبەشێوەیەکی دڵخوازانەو پاکژانە نیشانی بدەن وخوازیاری گەڕانەوەی بن.

کێشەی ئیستای عێراق کەوابڕیاربوو لەم کۆنگرەیەدا میحوەری سەرەکی قسەو باسەکانیان بێت، جگەلەوەی ترسی ئاڵوگۆرێکی گەورەی هێناوەتە ناوچەکەوە ئەگەری ئەوەشی لێدەکرێت کە پزیشکەکەی بیان گرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەموویانی لەبەرامبەر سەرەڕۆیی‌و جەبەروتی رژێمی سەدامدا خستۆتە جێگەو هەڵوێستێکی نیگەرانی و پشێویەکی واوە کەنازانن لەبەرامبەر ئەو روداوە و ئاڵوگۆڕانەدا چ هەڵوێستێك وەر بگرن، هەربۆیە لەژێر پەردەی داکۆکی کردن لەخەڵکی عێراق دەیانەوێت رژێمی دیکتاتۆری و دێوەزمەی سەر خەلکی عێراق بپارێزن و داکۆکی لێبکەن، کەئەم هەڵوێستە جگەلەوەی نەهامەتیەکانی خەڵکی عێراقی زیاد دەکات، لەهەمان کاتیشدا نیشانەی ئەوەیە کەبیری سایدی عەرەبی و دەسەلآتەکانی هێشتا نەیان توانیوە خۆیان لەو هەڵەو کەمو کوریانە پاك بکەنەوە کە پێشتر پیادەیان کردوە بۆچارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانیان ! ئەوان لەم کۆنگرەیەشدا خۆیان لەو راستەیە بوێرا کەدرێژبونەوەی ئەم کێشەو گرفتانەی ئێستا ی عێراق درێژبووەوەی هەمان ئەو کێشەو گرفتانەیە کە لەساڵانی حەفتاکاندا لە جەزائیر بەسەر پەرشتی هەندێك لەسەرانی عەرەب وشای ئێران بەخرا پی‌وبەناو چارەسەری کێشەی کوردی پێکرا، جەنگی هەشت ساڵەی ئیران _عیراق و دواتریش جەنکی کەنداو وروداوەکانی ئەم دواییەش هەمووی بەرئە نجامی ئەو بیرکردنەوە شۆڤینیستانەیەی بیری دەسەڵاتی عەرەبیە و ئێستاش درێژەی هەیەو لەم کێشەیەشدادەیانەوێت بەهەڵەیەکی تر و لەبەرگێکی تردا بیخەنەوە بەردەم رای گشتی ودەیانەوێت رژێمی ئێستا کەلەسەرەمەرگدایە بیسە پێننەوە بەسەر خەڵکی عێراقداکەدیارە ئەم هەلوێست و شێوازەش لەسیاسەتدا نەحیکمەتەونە چارەسەر بەڵکو زیادکردنی هەلەیەکی ترە بۆ سەر تۆماری پڕلە هەڵەیان. . .

Kamalrehuf300@hotmail. com

### تێبینی کوردستان نێت:

مەرج نییە ئەم نووسینە لەگەڵ بیروبۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت) ە، بەڵام بەهۆی بڕوابوونمان بەئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە... لەگەڵ ڕێز و خۆسەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوەیی و خەباتکاری ئەم ڕێگایە.

ئەم تێبینی یە لەژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت.... ١٥-١-٢٠٠٣